گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر عێراق هۆکار و کاریگەریەکانی

**م.ی. وژار فەهری سعدی**
بەشی دیپلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەولەتیەکان، کۆلیژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
wzhar.sahde@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢١/٥/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢١/٦/١٦
بڵاو کردنەوە:هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Hegemony, International coalition against terrorist, Iraq government, regional tension, Demonstration, Security*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.01

## پوختە

کاریگەری ئێران لەسەر حکومەتی عێراق لە دوای رووخانی رژێمی (بەعس) لە ساڵی ٢٠٠٣ زۆر بەرچاوە، ئێران لە هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقی نوێ، هەوڵی داوە کە مەبەستەکانی بسەپێنێت و حکومەتێکی دڵخوازی خۆی بهێنێتە سەر دەسەڵات. لە لایەکی ترەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە عەرەبیەکانی دژی دەستێوەردانی ئێرانن لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا. نیگەرانییەکانیان ئەوەیە کە کاریگەری ئێران بۆ پشتگیری گروپە چەکدارەکان لە عێراق درێژبووەتەوە بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن، کە چەکدارانی شیعە لە عێراق، چەک و پێداویستی هێرش کردنە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە ئێرانەوە بۆیان دەچێت. ئەم جۆرە سیاسەتەی ئێران لە دژی ئەمریکا، جێی دڵخۆشی نەیارەکانی ئەمریکایە وەک، رووسیا و چین. لە لایەکەی ترەوە، سەرهەڵدانی گروپی تیرۆرستی داعش هەلێکی زێرینی بە ئێران دا کە هەژموونی زیاتر بسەپێنێت بە هۆی دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی. هەژموونگەرایی ئێران بێ باج نەبووە، ئەو دەستێوەردانەی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی بووە هۆی لەدەستدانی قاسم سولەیمانی کە لە لایەن هێزەکانی ئەمریکی لە بەغدا کوژرا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

رووخانی سەدام حوسێن لەساڵی ٢٠٠٣ دا ، گرووپە شیعەکانی عێراقی بەتوانا کرد، ئەو گروپانەی کە کاری سیاسیان لێ قەدەغەکرابوو، لە دوای رووخانی (سەدام حسێن) بوون بە پارتی سیاسی و دەسەڵاتیان پەیداکرد لەناو پرۆسەی سیاسی نوێ عێڕاقدا. ئێرانیش ویستی لە رێگەی ئەو گروپە شعیانە دەسەڵاتەکانی فراوانتر بکات لە ناو عێراقدا، ئەو عێراقەی کە هەشت ساڵ جەنگی لە دژی ئێران بەرپاکردبوو، ئێستا دەرگای والآیە بۆ ئێران کە هەژموونی خۆی لەسەری بسەپێنێ، بێگومان ئەمەش بەبێ هێرشی هاوپەیمانان و رزگارکردنی عێراق مەحاڵ بوو. کۆمەڵگای عێراقی پێکدێت لە زۆرینەی شیعی، کە ئەمەش رێخۆشکەر بووە بۆ ئێران کە بابەتی مەزهەبی و دینی بخاتە پێش نەتەوەیی بۆ خەڵکی عێراقی، بە جۆرێک کە شیعەکانی عێراق بابەتی شیعیگەریان لەسەر عێراقیبوونی خۆیان دادەنێن. کۆمەڵگای عێراق زۆرینەی دانشتوانی پێکدێن لە شیعە، ئەمەش وادەکات کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، هەمیشە شیعە براوە بن . بەرپرسانی ئەمریکا لە پەیوەندی نێوان ئێران و گرووپە چەکدارە شیعەکانی عێراق بێزارن و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا بە هۆکاری ناسەقامگیری لەو وڵاتەدا دادەنێن و باوەڕیان وایە کە لەوانەیە عێراق بەرەو چارەنووسێک ببات کە ملکەچی ئامانجە ناوچەییەکانی ئێران بێت . ئەم توێژینەوەیە لەسەر هەژموونی ئێرانە لەسەر پرۆسەی بریاردانی عێراق لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)، هەروەها جەخت لەو کاریگەریانە دەکات کە لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئێرانەوە روودەدەن لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگای عێراقی، هەروەها هۆکارەکانی دەستێوەردانی ئێران روونەدەکاتەوە. وە باس لە[ بەربەستەکان دەکات کە رووبەرووری ئێران دەبێتەوە لە گەیشتنی بە ئامانجەکانی لە ناو عێراقدا

## گرنگی توێژینەوە:

لە دوای رزگارکردن عێراق و رووخانی رژێمی (سەدام حسێن) هەمیشە ئێران هەوڵی داوە کە هەژموونی خۆی بسەپێنی بەسەر عێراقدا. بێگومان ئەمە کاریگەری دەخاتە سەر هەرێمی کوردساتانیش بەوەی کە ئێران هەوڵدەدات ئامانجەکانی لە رێگەی حکومەتی زۆرینەی شیعیەوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت. هەروەها ئێڕان هەمیشە سوودی لە عێراق بینیوە لە زۆر بواردا بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، هەر کاتێک گەمارۆی ئابووری بکەوێتە سەر ئێران، ئەوا ئێرانیش هەوڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەدات لە رێی عێراقەوە کاریگەری ئەو گەمارۆیانە لەسەرخۆی کەمبکاتەوە. تا رادەیەکیش سەرکەتوو بووە. رووخانی رژێمی سەدام حسێن نەبووە هۆی هێنانە کایەی دیموکراسیەکی پتەو بەڵکو دیموکراسیەکی دروستکرد کە بووە هۆی ناکۆکی نەتەوەیی و مەزهەبی و بەرزکردنەوەی شیعە بۆ هەرەمی دەسەڵات لە عێراقدا

## گرفتی توێژینەوە:

بریتیە لە کاریگەری هەژمورنی ئێڕان بەسەر عێراقدا هەروەها هەژموونی ئێران پەیوەستە بە هەبوونی وڵاتانی تری ناوچەکە لەسەر خاکی عێراقدا. وڵاتانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا، سعودیە، میسر، ئوردن، ئیمارات و چین و چەندین وڵاتی تر بەرژەوەندیان هەیە لە عێراقدا، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە باڵادەستبوونی ئێڕان لە عێراقدا بە ئاسانی بەدەست نایێت و ئەگەریش ئێران بووە زلهێزی بێ رکابەر لەناو عێراقدا ئەوا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام نابێت. ئەم ململانێیە هەرێمی و نێودەوڵەتیە بۆتە هۆکاری ناسەقامگیریە لە عێراقدا، ئەمەش بۆتە گرفتی توێژینەوە کە باسکردنە لە چۆنیەتی دەربازبوونی عێراق لەم ململانێیە هەرێمی و نێودەوڵەتیە.

## پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە وەک، ئایا ئێران دەتوانێت هەژموونی خۆی لە عێراقدا پەرەپێبدات. ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە کێبرکێکردن لەگەڵ وڵاتانی تر کە ئەوانیش بەرژەوەندی و ئامانجیان لە عێراقدا هەیە. ئایا ئێران دەتوانێت هەژموونی خۆی لە عێراق و ناوچەکە بپارێزێت.

## گریمانەی توێژینەوە:

ئێران لە رێگەی زۆرینەی شیعی ئێرانەوە دەیەوێت هەژموونی خۆی بە تەواوی بەسەر عێراقدا بسەپێنێت. ئێران هەوڵ دەدات کە سیاسەتی زەمینی (مەیدانی) بەسەر سیاسەتی دیپلۆماسیدا باڵادەست بکات لە عێراق بە تایبەتی و لە ناوچەکە بە گشتی. باڵا دەستەکان لە کۆماری ئێران (باڵی سەربازی) دەیەوێت دیپلۆماسیەتی وڵات لە خزمەتی هێزی سەربازیدا بێت. لە کاتێکدا کە باڵی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیپلۆماسی (حکومەت) دەیەوێت هێزی سەبازی هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ هێزی دیپلۆماسی بۆ گەیشتن بە ئاشتی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە زیاتر پشت بە میتۆدی شیکاری دەبەستێت لەسەر شیکردنەوەی ئامانج و بەرنامەکانی ئێران کە وەک هێزێکی پر هەژموون بمێنێتەوە لەناو عێراق و لە ناوناچەکە. هەروەها باسکردن لە ئایندەی دەستێوەردانی ئێران لە عێراقداهەروەها شیکارکردنی ئەو بەربەستانەی کە دەبنە رێگر بۆ ئێران لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی.

**پەیکەری توێژینەوە:**

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێشەکی و پێنج باس و دەرەنجام و راسپاردە. لە پێشەکیدا ئاماژە بەوە دراوە کە گرنگی توێژینەوەکەم لە چیدایە؟ هەروەها کێشەی توێژینەوە چیە؟ لەگەڵ خستنەرووی پرسیار و گریمانە و میتۆدی توێژینەوەکە.
ئەم توێژینەوەیە لە باسی یەکەمدا باس لە چەمک و گرنگی هەژموون دەکات. دواتر لە باسی دووەمدا، باس لە بەرنامەی سیاسی ئێڕان دەکات لە عێراقدا، کە بەرنامە و ئەجێندای سیاسی چیە، هەروەها تا چەند دەتوانێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت لەو بارودۆخە ئالۆزەی کە عێراق تێیدایە. لە باسی سێیەم باس لە رۆڵی عێراق دەکات وەک وڵاتێکی نێوەندگیر لەو کێشمەکێشەی سیاسی و سەربازییەی نێوان ئەمریکا و ئێران. هەروەها کاریگەری ئەو ناکۆکیە لەسەر پێشنەکەوتنی عێراق لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری و سەربازی خۆی. لە باسی چوارەمدا باس لە ئایندەی دەستێوەردانی ئێران دەکات لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، کە ئایا ئێران وەک وڵاتێکی دراوسێ دەتوانێت ئەو رۆڵەی ئێستا کە هەیەتی، بەردەوامی پێبدات، هەروەها دەتوانێت نێو ماڵی شیعی بپارێزێت و لێکترازان لە نێو هێزە شیعەکان دروست نەبێت لەسەر مەرجەعیەتی سیاسی و کێشەکانی تری حوکمداری؟ هەروەها لە باسی پێنجەمدا جەخت دەکاتە سەر ئەو ئاستەنگانەی کە رووبەرووی ئێران دەبنەوە لە سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە عێراقدا، هەروەها رۆڵی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی چۆن دەبێت لە بەرەوپێشبردنی هەژموونی ئێران لە عێراقدا. توێژینەوە هەوڵدەدات ئەوە شیبکاتەوە کە رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا لەسەر هەژموونگەرایی ئێران چۆن دەبێت، هەروەها رۆڵی تورکیا و سعودیە وەک دوو وڵاتی بەهێزی هەرێمی، چۆن دەبێت.

لە دەرەنجامدا باس لە ئایندەیەکی ناروون دەکات کە رەنگە مەترسی رووداني کارەساتی نوێ ببینین بەو پێیەی، کە مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش تا ئێستاش لە ئارادایە، هەندێک لە هێزە چەکدارەکانی شیعی ویستی تۆڵەی کوشتنی (قاسم سولەیمانی) و (ئەبو مەهدی موهەندیس)یان هەیە، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی کاردانەوەی ئەو وڵاتانەی کە دەکرێنە ئامانج لەلایەن چەکدارە توندرەوەکانەوە. سەرەنجام لە بەشی راسپاردە، هەندێک راسپاردە وپێشنیار خراونەتەروو بۆ ئەوەی کە عێراق لەم بارودۆخەی کە رووبەرووی بۆتەوە، لێی رزگار بێت. لە کۆتاییدا، لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکراوە.

## باسی یەکەم: چەمکی هەژموون

کۆدەنگییەکی گشتی نییە لەسەر پێناسە یان بەکارهێنانی زاراوەی هەژموون، وەک بەشەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لە زانستی سیاسەتیشدا پێناسەی چەمکەکان هەمیشە لە گۆراندان بە تێپەربوونی کات ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کۆدەنگیەک نەبێت لەسەر پێناسەی هەژموون. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەژموون واتە پیادەکردنی فۆرمی زاڵبوون یان کۆنترۆڵ کردن بە پێی زاڵبوونی تواناکانی دەوڵەت.

جۆزێف نای ، مشتومڕی ئەوە دەکات کە " دەستەواژەی هەژموون بەسەر چەند بارێکدا پیادە دەکرێت کە تێیدا وا دەردەکەوێت یەک دەوڵەت وا بە شێوەیەکی زۆر لەوانی دیکە زیاتر دەسەڵاتی هەبێت " . بە بۆچوونی نای، هەژموون ئەو دۆخە جۆراوجۆرەن کە دەوڵەت لە دەوڵەتەکانی تر زیاتر دەسەڵاتی هەیە.

بە پێی ئەم پێناسەیە بێت، هەژموون بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی هەموو هێزێکی وڵات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی. 'جۆزێف نای' پێی وایە کە هێز بریتیە لە هەبوونی سەرچاوە، بەو پێیەی کە دەوڵەت چەند سەرچاوەی هەبێت، ئەوندە بەهێزە. ئەم پێناسەیە توانای هەژموونگەرایی زۆرێک لە وڵاتانمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ رووندەکاتەوە، ئەگەر ئێمە سەرچاوەی دەوڵەتان لەبەرچاو بگرین، بۆمان بە دیار دەکەوێت کە چەند بەهێز و خاوەن هەژموونن.[1]

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ریالیستەکان جەخت لەسەر گرنگی ئەو لایەنەی هەژموونی دەکەنەوە کە تەنیا لەسەر هێزی مادده بنیات نراوە، واتە چەک. ریالیستەکان پێیان وایە کە سیستەمی جیهانی بریتیە لە سیستەمێکی ئەنارکی، هیچ وڵاتێک بروای بە وڵاتێکی تر نیە. ئەمەش کاردەکاتە سەر دەوڵەتان بۆ ئەوەی خۆیان بە هێز بکەن نەوەک بکەونە بەر مەترسی هێرشی دوژمنکاری وڵاتانی تر. ریالیستەکان پێیان وایە کە دەوڵەتانی لاوەکی سیاسەتی دەوڵەتانی خاوەن هەژموون قبوڵ دەکەن کاتێک باوەڕیان وایە ئەم ئامانجانە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی سیستمەکەدایە نەک بەرژەوەندی تایبەتی هێزی هەژموونگەرا. هەرچەند لیبرالیستەکان بە پێچەوانەی ریالیستەکان پێیان وایە، کاتێک وڵاتان بەرژەوەندی ئابووریان پێکەوە گرێدراو بێت و بازرگانی نێوانیان لە ئاستێکی بەرزدا بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتان لە ململانێ و جەنگ دووربکەونەوە. لیبرالیسەتەکان هەژموون بە هێزی ئابووری ناودەبن، نەک چەک. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێتن کە ولاتان هەمیشە هەوڵیان داوە هێزی خۆیان بەکاربهێنن بۆ دەستخستنی هەژمونی خۆیان لە هەرێمێکی دیاریکراو یاخود لە جیهاندا. وڵاتان هێزی نەرم و رەقی خۆیان کە پێکەوە دەبنە هێزی زیرەک، بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژیەکانیان.[2]

**باسی دووەم: بەرنامەی سیاسی ئێران لە عێراقدا**

پێش ئازادکردنی عێراق لە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، هەمیشە ئێران و عێراق وەک هەرەشەیێک بۆ سەرئاسایشی نەتەوەی خۆیان لە یەکتریان دەروانی، سۆز و متمانە لە نێوان هەردوو وڵاتدا بەهیچ شێوەیێک بوونی نەبوو، لەدوای جەنگی نێوان عێراق و ئەمریکا و رووخانی رژێمی (سەدام حسێن)، سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئێران دەستیپێکرد. دیموگرافیای عێراق بە جۆرێکە کە زۆرینەی دانێشتوانی عێراق پێکدێن لە شیعە، ئەم زۆرینەی شیعە لە سەردەمی (سەدام حسێن)دا بە هەموو شێوەیێک هاوکاری دەکران لەلایەن ئێرانەوە،

[1] Lewis, J. (2017). Hegemony. In Ouellette L. & Gray J. (Eds.), Keywords for Media Studies (pp. 88-90). New York: NYU Press. doi:10.2307/j.ctt1gk08zz.30

[2] Harrington, S. (2015). Hegemony. In the Disney Fetish (pp. 145-156). Indiana University Press. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/j.ctt16gzkd9.16

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەند ئێران نەیدەتوانی کە بەشێوەیەکی باش هاوکاریان بکات چونکە سیستەمی سیاسی ئەوکاتی عێراق بەربەستێکی گەورە بوو لەبەردەم دەستگەیشتی ئێران بە شیعەکانی عێراق. بەڵام رووخانی (سەدام حسێن) بووە هۆی لادانی ئەو بەربەستە،لەبەر ئەم هۆیە ئێران زۆر دڵخۆشبوو بە رووخانی رژێمی عێراق، هەرچەند ئێران ترسی هەبوو کە لەوانەیە ئەمریکا هێرش بکاتە سەری لەدوای عێراق، بەڵام ئەمە رووینەداو هەموو رووداوەکان بە دڵی ئێران بوون.[3]

ئێران لە ساڵی (٢٠٠٣)وە پشتگیری لە چەندین لایەنی سیاسی عێراقی شیعی کردووە کە ئێستا لە گروپی قەومی و مەزهەبیەوە گۆڕاون بۆ پارتی سیاسی و بوونەتە یاریکەری گرنگ لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا. ستراتیژی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی پەیوەست بە عێراقەوە دەیەوێ کە بە هەموو شێوەیێک گووشار بخاتە سەر سیاسەتمەداران و دامەزراوەکانی عێراق، هەروەها دەیەوێت سیاسەتەکانی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا بێت. ئێران، وەک وڵاتێکی گرنگ سەیری عێراق دەکات لە سیاسیەتی دەرەوەی خۆیدا بەوەی کە هاو سنوورە و ئێران پێیوایە کە بەرگریکردن لە عیراق وەک بەرگریکردن لە ئێران پێویستە، بۆیە چەندین ئامانجی گرنگی لە عیراقدا هەیە، وەک، دەرکردنی هێزە بیانیەکان لەسەر خاکی عێراقدا. ئەگەر سەیری ئەم پیلانەی ئێران بکەین رەنگە تەنها هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا بێتە پێش چاومان، بەڵام ئێران چاوی لەوەیە کە هەموو هێزێکی بیانی لە عێراقدا نەمێنن. زۆرینەی پەرلەمانی عێراق پێکدێن لە پارتە سیاسیەکانی شیعە، بە هۆی هەڵبژاردنەکانەوە و زۆرینەی خەڵکی شیعە لە عێراقدا، هەمیشە پارتە شیعەکان براوەی یەکەمی هەڵبژاردنن لە عێراقدا، ئێران لە رێگای ئەو فراکسیۆنە شیعەیانە کە خاوەن زۆرینەی پەرلەمانن دەیەوێت بە بریاری پەرلەمان (بە رێگای دیموکراسی) مەرامەکانی خۆی بسەپێنێت و هێزەکانی بیانی لەناو خاکی عێراقدا بکاتە دەرەوە، بۆ پاراستنی سەروەری عێراق. بەڵام لە راستیدا پیلانی ئێران زیاترە لە پاراستنی سەروەری عێراق، ئەمە بەو مانایەیە کە ئیتر هیچ رکابەرێک یان هێزێکیی بیانی لە عێراقدا

[3] Litvak, M., Landau, E., & Kam, E. (Eds.). (2018). Iran in a Changing Strategic Environment (pp. 41-52, Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep17021.7

نەمێنێت کە بەرەنگاری ئێران ببێتەوە، ئەمەش دەست واڵا دەکات بۆ ئێران کە دەسەڵاتەکانی زیاتر بەکاربێنێت وەک لە پێشتردا.[4]

ئامانجێکی تری سیاسی بریتیە لە هێشتنەوەی شیعە وەک بەهێزترین و کاریگەرترین هێز لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا. هەرچەند ئێستا دەرزی زۆر کەتۆتە نێو ماڵی شیعی و هێز و لایەنە شیعەکان بەتایبەتی لە نێوان هێزە توندرەوەکان و هێزە میانرەوەکان، بە جۆرێک کە هەرەشە لە سەرۆک وەزیرانی ئێستا (مستەفا کازمی) دەکەن کە نابێت بە بیانووی بەرنامە و سیاسەتی حکومەت، رێگری بکات لە هەژموونی هێزە شیعەکان لەناوخۆی عێراقدا. ئێران هەمیشە هەوڵ دەدات کە لە هەڵبژاردنەکاندا ناوماڵی شیعی یەکگرتووبێت بەوەی بتوانن بە ئاسانی حکومەت پێک بهێنن، لێکترازانی لایەنەکانی شیعە لە عێراقدا بە زیانی هەژموونی ئێرانە. هەڵبژاردنی ئایندەی عێراق وەک هەڵبژاردنی رابردوو بریتیە دەبێت لە هەڵبژاردنێکی پر لە مشتومر و کێشەی سیاسی، بە تایبەتی کە ئەمجارە هەلی زیادکردنی کورسیەکانی پارتە گەورەکان زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ پارتە بچووکەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی وەزیران، کاتێکی زۆری بوێت. لە راستیدا بابەتی هەڵبژاردن بووەتە چەکێکی دیموکراسی بەدەست هێزە سیاسیەکانی عێراقدا، چونکە هەڵبژاردن نابێتە هۆی چارەسەرکردن بەڵکو دەبێتە هۆی لەبیربردنەوەی کێشە هەڵپسێردراوەکانی نێوان حکومەت و خەڵک. بە مانایەکی تر، هەڵبژاردن لە عێراق دەکرێت بۆ دەربازبوون لە بارودۆخێکی نەخوازراو بۆ باردوۆخێکی تری نەخوازراو.

ئامانجی تری ئێران رێگریکرنە لە دابەشبوونی عێراق بۆ چەندین دەوڵەت. ئێران وەک (تیۆری دۆمینۆ) سەیری ئەو بابەتە دەکات و ئەوە بە مەترسی بۆ سەرووەری خۆە دەزانێت بەوەی کە لەوانەیە لەدوای عێراق ئیتر وڵاتانی زلهێز پیلان بۆ دابەشبوونی ئێران دابنێن.[5]

لە راستیدا گەیشتن بەم پیلان و ئامانجانە ئاسان نیە بۆ ئێران لەناو خاکی عێراقدا، چونکە ئێستا خەڵکی شیعی لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق رازی نین کە هەمیشە شیعەکان سەرۆکایەتی

[4] Mumtaz, K. (2005). SHIA FACTOR IN IRAN-IRAQ RELATIONS AFTER SADDAM. Strategic Studies, 25(1), 14-32. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/45242564

[5] Kabalan, M. (2020). Iran-Iraq-Syria: Shocks and Rivalries in a Triadic Pattern. In MANSOUR I. & THOMPSON W. (Eds.), Shocks and Rivalries in the Middle East and North Africa (pp. 107-126). Washington, DC: Georgetown University Press. doi: 10.2307/j.ctv1169bh2.10

دەکەن، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە ئێران زۆر لە سیاسەتی دەرەوەی لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبووە چونکە خەڵکی عێراق لەکاتی نارەزایی دەربریندا ناوی سەرکردەکانی ئێران دێنن بەوەی کە هۆکاری تێکدانی بارودۆخی عیراقن. لەلایەکی ترەوە، ئێڕان هەمیشە هەوڵی داوە نەک تەنیا لە رێی سیاسیەکانەوە هەژموونی خۆی بسەپێنێ، بەڵکو هەوڵی زۆریداوە کە شیعەگەریش پەرەپێبدات لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا. لە راستیدا یەکێک لە جیاوازیەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی دەیەوێ حکومەتێک لە عیراقدا هەبێت کە بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت و دژایەتی نەکات، لە کاتێکدا ئێران هەوڵ دەدات کە جگە لە سیاسیەکان و حکومەت کە بەرژەوەندی بپارێزن، تەنانەت خەڵکی عێراقیش بەرەوە شیعەگەری ببات، بەڵام ئێران لەمەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە چونکە، عێراقیەکان لەکاتی خۆپێشاندانەکاندا وێنەی رابەری ئێرانی دەسوتێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە نایانەوێت چیتر ئێران لە ناو عێراقدا بوونی هەبێت.[6]

ئێران سوود لە هەموو هێزێکی وەردەگرێت بۆ زاڵبوونی هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا. وەک باسمان کرد لە رێی هێزی نەرمیەوە کە پێکدێت لە شعەگەری، زاڵبوونی خۆی بسەپەنێت. ساڵانە بە ملیۆنان ئێرانی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە دەکەن لە نەجەف و کەربەلا، هەروەها چەندین قوتابخانەی مەزهەبی کردۆتەوە لە عێراق بەتایبەتی لە ناوچە سوونە نشنەکان بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە. بێگومان مەزهەبی شیعی بەهێزتری چەکی نەرمە کە ئێران بەکاریدەهێنێت لە عێراق و وڵاتانی تر.

دروستبوونی هێزە توندرەوەکانی شیعی لە عێراقدا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران هێزی نەرمی بەشێوەیەک بەکاربهێنێت کە هێزی بەرگری عێراق بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆتە بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی. ئەم تێکەڵکردنەی هێزی نەرم و رەقی ئێران بۆتە هۆی ئەوەی هێزێی زیرەکی گرنگ بۆ ئێڕان لە خاکی عێراقدا دەستەبەر بکات. ئەمەش بە روونی دەکرێت ئاماژەی پێبکرێت لە سەختی بەرەپێشبردنی پرۆسەی سیاسی سیاسی لە عێراقدا.

[6] Juneau, T. (2015). Iran’s Policy in Iraq. In Squandered Opportunity: Neoclassical Realism and Iran's Foreign Policy (pp. 104-138). Stanford, California: Stanford University Press. doi:10.2307/j.ctvqsf1bv.10

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**باسی سێیەم: رۆڵی عێراق لە ململانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران.**

سەرەتای تێکچوون و دروستبوونی گرژی لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩) ئەو ساڵەی کە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێڕان بەرپابوو و بووە هۆی رووخانی رژێمی (محمەد رەزا شا) و گۆرینی سیستەمی سیاسی ئێڕان لە پاشایەتیەوە بۆ کۆماری، ئەمەش بووە هۆی ئەوە وڵاتێکی سیۆکراسی بێتە سەر دەسەڵات کە دژی بنەماکانی رۆژئاوا بوو بەتایبەتی دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بە جۆرێک کە سیاسەتی نوێ ئێران بریتی بوو لە (نا بۆ رۆژئاوا و نا بۆ رۆژهەڵات)، ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئێران بە دوای سیاسەتی هیچ زلهێزێکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ناکەوێت. هەر لەدوای گۆرینی سیستەمی سیاسی ئێران، ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگی سەربازی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشبینیکراوە. لە دوای ئازادکردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە، گرژیەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران چووە قۆناغێکی نوێوە، بەو پێیەی ئیتر رووبەرووی یەکتر بوونەوە لەسەر خاکی عێراق.[7]

زیادبوونی هەژموونی ئێران لە عێراقدا دەگەرێتەوە بۆ سێ هۆکار، یەکەم: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە **ساڵانی رابردوو (پێش سەرهەڵدانی داعش)، بەو پێیەی** کە نرخی نەوت لە سەرووی (١٢٠ دۆلار) بۆ هەر بەرمیلێک نەوت مامەڵەی پیوە دەکرا، ئەم بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، دەستی ئێرانی واڵا کرد لە خەجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ یارمەتیدانی زیاتری گروپە چەکدارەکانی ژێر هەژموونی خۆی لە وڵاتانی ناوچەکە. هۆکاری دووەم: رووخانی رژێمی (سەدام حسێن) و ئازادکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) بواری دا بە ئێران کە بە ئاسانتر و لە رێگەی زەمینیەوە دەستی بگات بە شیعەکانی عێراق بە مانایەکی تر هێرشی هاوپەیمانان بە سەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو بەربەستە جوگرافیەی نەهێشت کە لە پێش (سەدام حسێن)دا بوونی هەبوو. ئێران هەیشە هەوڵی دەدا کە ئایدۆلۆژیای خۆی و شۆڕشی ئیسلامی هەناردەی دەرەوە بکات و شۆڕشی ئیسلامی تەنها لەناو ئێراندا نەمێنێتەوە، بەڵام هەبوونی (سەدام حسێن) بووە بەربەست لە بەردەم ئەم ئامانجەی ئێران. لەناوچوونی رژێمی (سەدام حسێن) ئەو هەلەی بە ئێران دا کە ئیتر دەستی بگات بە شیعەکانی عێراق

[7] Shavit, E., & Zimmt, R. (2018). (Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep19442

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ئایدۆلۆژیای خۆی هەناردەی ئەو وڵاتە بکات. هۆکاری سێیەم دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٨)، بێگومان ئەمە گۆڕەپانی سیاسی عێراقی بۆ ئێران فەراهەم کرد کە دواتر بوو بە زلهێزی عێراق. ئەم هۆکارە سەرەکییانە وایانکرد کە ئێران دەستێکی فراوانی هەبێت لە دارشتنی سیاسەتی عێراق لەناوخۆ و لەدەرەوە کە هەمیشە شیعەکان سەرۆکایەتی حکومەتەکانیان کردووە.

لە دوای دەرچوونی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئیتر ئێران بە شیوەییکی کاریگەر دەستی بەسەر کاروبارەکانی عێراقدا گرت، لە دوای دەرکەوتنی تیرۆرستانی داعش و داگیرکردنی ناوچەیەکی زۆری سوننە نشین بە تایبەتی پارێزگاکانی (موسڵ و ئەنبار) لە عێراقدا، هێزەکانی عێراق بەوانەشەوە کە راهێنرابوون لەلایەن هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە نەیانتوانی رێگری بکەن لە پێشرەویەکانی تیرۆرستانی داعش و بە ناچاری لە ناوچە سوننە نشینەکان کشانەوە، ئەو ناوچانەیان وەک دیاری پێشکەشی تیرۆرستانی داعش کرد. سەرەنجام هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر پێکهات لە دژی تیرۆرستانی داعش بە رابەرایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دووبارە سەربازانی ئەمریکی ئامادەییان هەبێت لەناو خاک عێراقدا، کە ئەمش وایکرد کە لە جەنگی دژی داعش هەماهەنگی لە نێوان هێزە هاوپەیمانەکان و دژەکان دروستبێت، بە تایبەتی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران.[8] سەرهەڵدانی (داعش) دەرفەتی دا بە ئێران کە سوود لە گەنجە بێکارەکانی شیعی ببینێت، کاتێک مەرجەعی باڵای شیعی لە عێراق (عەلی سیستانی) فتوای دەرکرد کە شەر لە دژی داعش رابگەیێنرێت. بە دەیان هەزار گەنجی شیعی بەپیر فتوای رابەرەکەیانەوە چوون. ئەمە بۆ ئێران وەک خەونێک بوو کە هێزێکی شیعی دروست ببێت لە عێراقدا. بەم جۆرە سەرهەڵدانی داعش سوودی ستراتیژی بۆ ئێران هەبوو.

لە دوای ئەوەی کە حکومەتی عێراق سەرکەوتنی دژی داعش راگەیاند، (هەرچەند تا ئێستا هاوپەیمانی دژی داعش سەرکەوتنی رانەگەیاندووە). ئیتر هێزەکانی (حەشد الشعبی) بە فەرمیی بوون بە بەشێک لە پەیکەری هێزەکانی حکومەتی عێراق.

---

[8] Jiyad, S. (2020). (Rep.). European Council on Foreign Relations. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep25382

گرژیەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران قوڵتر بوو لە دوای سەرکەوتنی(دۆناڵد ترەمپ) بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاتێک (دۆناڵد ترەمپ) بڕیاریدا کە لە رێککەوتننامەی ئەتۆمی دەکشێتەوە کە لەگەڵ ئێران و پێنج وڵاتی زلهێز مۆرکرابوو، ئیتر گەمارۆ ئابووریەکان گەرانەوە بۆ سەر ئێران. سەرەنجامی ئەو گرژیانە بووە هۆی کوشتنی (قاسم سولەیمانی) فەرماندەی هێزەکانی قودس کە چالاکی لە دەرەوەی خاکی ئێڕان ئەنجام دەدا و (ئەبو مەهدی موهەندیس) کەسی دووەمی نێو حەشدی شەعبی. لە دوای کوشتنی ئەو دوو فەرماندەی ئێران و حەشدی شەعبی لەسەر خاکی عیراق، ململانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران چووە قۆناغێکی زۆر هەستیارەوە، ئێران وەڵامی ئەو هێرشەی ئەمریکای دایەوە بە هێرشکردنی ئاسمانی بۆ سەر سەربازگەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام ئەو کاریگەریەی نەبوو بەسەر ئەمریکا وەک کوشتنی(قاسم سولەیمانی)، چونکە (قاسم سولەیمانی) دەستە راستی رابەری ئێران (خامەنەیی) بوو.[9] بێگومان کوژرانی (قاسم سولەیمانی) کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ئێران لە عێراقدا. لە راستیدا، عێراق چەندین جار هەوڵی داوە نیوێندگیری بکات لە نیوان ئەمریکا و ئێراندا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بێهێزی حکومەتی ناوندی عێراق لە چارەسەرکردنی ئەم قیرانەی کە لە دوای رزگارکردنی عێراقەوە بەردەوامی هەیە. هۆیەکی تری لاوازی عێراق لە ناتەوانایی نێوەندگیری دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە عێراق پێویستی بە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەیە بۆ دابینکردنی ئاسایشی وڵات و ئاسایشی ئابووری بە جۆرێک کە، عێراق تا ئیستاش کارەبا لە رێگەی ئێرانەوە دابین دەکات، هەروەها ئێران گازی سروشتی بۆ عێراق هەناردە دەکات بۆ پرکردنەوەی پێداویستیە ناوخۆیەکان.

پێویستی عێراق بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەرێتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی کەرتی پێشەسازی، بە شێوەیێک کە عێراق پێویستی بە بیناتنانەوە ئەو شارانە هەیە کە بە هۆی جەنگی دژی داعشەوە رووخاون، بێگومان عێراق ناتوانێت ئەم بنیاتنانەوەیە بکات بەبێ یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمپانیا فرەنەتەوەکان کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستێکی

[9] ESFANDIARY, D., & TABATABAI, A. (2015). Iran's ISIS policy. International Affairs (Royal Institute of International Affairs 1944-), 91(1), 1-15. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/24538962

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵای تێدا هەیە لە دارێشتنی سیاسەتەکانی ئەم کۆمپانیانە. هەروەها بۆ پاراستی ئاسایشی ناوخۆی، دیسان عێراق پێویستی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەیە، لەو کاتەی کە داعش هێرشی کردە سەر موسڵ و هەرێمی کوردستان، ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرکردایەتی هاوپەیمانی جەنگی دژی تیرۆری گرتە ئەستۆ و توانی لە ئەنجامدا داعش لە رووی سەربازی و جوگرافیەوە تێکبشکێنێت، بێگومان عێراق ئەو توانایەی نەبوو کە بتوانێت بە تەنیا ئەم سەرکەوتنە بەدەستبهێنێت، هەرچەند ئێرانیش یارمەتی عێراقی دا لە جەنگی دژی داعش، بەڵام هاوپەیمانی دژی داعش بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەری زۆر زیاتر بوو.[10]

پێش رووخانی (سەدام حسێن) دوو بۆچوون هەبوون لەسەر ئایندەی سیاسی عێراق، یەکەمیان، زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی (عەرەب) بەسەر وڵاتدا، کە ئەمەیان وا پێناسە دەکرا ببێتە هەوێنی یەکریزی ناو عێراق بەتایبەتی نێوان سوننە و شیعە هەروەها پتەویی پەیوەندی نێوان عێراق و وڵاتانی تری کەنداو و باکووری ئەفریقیا. ئەمەشیان زیاتر وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە پاڵپشتی لەو بۆچوونەیان دەکرد. دووەمیان، بریتیبوو لە زاڵبوونی هەستی ئاینی و مەزهەبی بەسەر عێراقدا، چونکە مەزهەبی شیعی مەزهەب لەسەر نەتەوە دادەنێت، سەرەنجام، بۆچوونی دووەمیان زاڵبوو و هەستی ئایینی و مەزهەبی دەستی بەسەر کۆمەڵگا و سیاسەت و حکومرانی عیراقدا کێشا و وڵاتی عێراقی کردە یاریگای ململانێی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خەڵکی عیراقیش بوونە سووتەمەنی ئەو یاریە.[11]

لە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی نوێ مستەفا کازمی، بارودۆخی عێراق لە رووی دیپلۆماسی و ئابووری و سیاسیەوە بەهێزتر بووە. عێراق توانیویەتی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ببەستێت بۆ نموونە لووتکەی ئابووری نێوان عێراق، ئوردن و میسر. عێراق توانیویەتی ناوبژوانی بکات لە نێوان ئێران و سعودیە. هەروەها عێراق سەرکەوتوو بوو لە رێکخستنی لووتکەی هەرێمی لە بەغدا کە بە بەشداری چەندین وڵاتی زلهێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەک

[10] Fadlon, T., & Hadad, S. (2018). (Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep19432
[11] Shavit, E., Elbaz, Y., & Shine, S. (2020). (Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep27823

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرەنسا بەرێوەچوو. مستەفا کازمی دەزانێت کە ناتوانێت بە ئاسانی لە ژێر هەژموونی ئێڕان بێتە دەرەوە، بەڵام بە نەرمی هەنگاو دەنێت کە عێراق ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ. تا ئەکاتەی عێراق وابەستەی دەرەوەی بێت ناتوانێت ستراتیژی دوورمەودای بەخۆیەوە هەبێت.

**باسی چوارەم: ئایندەی دەستێوەردانی ئێران لە ناوخۆی عێراقدا**

عێراق وەک وڵاتێکی دراوسێ، گرنگییێکی زۆری هەیە بۆ ئێران لەرووی سەربازی، سیاسی، ئابووری و ئایینیەوە. لە دوای رووخانی رژێمی (سەدام حسێن) ئەم گرنگیە ئیتر بە شێوەییێکی ئاشکرا هەستی پێکرا. بە هەبوونی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناو خاکی عێراقدا، ئێران هەمیشە نیگەران دەبێت بەو پێیەش دەتوانین ئەوە بڵێین، کە تا ئەو کاتەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناو خاکی عێراقدا بن، ئێرانیش لە عێراقدا دەبێت، بەڵام ئەوەش بێگومان بەبێ کێشە نابێت بۆ ئێران. لەلایەکی ترەوە، ئێران ململانێ دەکات لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لەسەر بەدەستهێنانی رۆڵی زیاتر لە عێراقدا بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتی سعودیە، بەو پێیەی سعودیە دەیەوێت بە هاتنە ناو عێراقەو نزیک بێت لە ئێران، هەروەها بە ناوی دوو وڵاتی نەتەوەی عەرەبیەوە ئەو رۆڵە بگێرێت، سعودیە پێی وایە کە ئێران مافی دەستێوەردان لە جیهانی عەرەبیدا نیە. لە بەرامبەردا، ئێران نایەوێت ببینێت کە سعودیە لەسەر سنوورەکانیەتی و ئەویش دەیەوێ کە بەهۆی هێزە شیعەکانەوە خۆی زاڵبکات لە عێراقدا.

سعودیە لە لەلایەن هێزەکانی (حوسیەکان)ەوە لە یەمەن کە پاڵپشتی دەکرێن لەلایەن ئێرانەوە. چەندین جار کەوتۆتە بەر هێرش، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە حوسیەکان زیانێکی زۆریان لە پاڵاوگە نەوتیەکانی سعودیە داوە، بۆ کەمکردنەوە ئەو فشارانەی لەسەری، سعودیە دەیەوێت لە عێراقەوە فشار بخاتە سەر ئێران.

خواستی خەڵکی عێراق لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق یەکتر ناگرێتەوە، بەو پێیە کە خەڵکی عێراق خوازیارن هیچ هێزێکی دەرەکی نەمێنێت لەناو خاکی عێراقدا کە ئەوان بە داگیرکەر ناویان دەبەن، لە بەرامبەردا حکومەتەکانی عێراق ناتوانن ئەو خواستەی خەڵکەکەیان جێبەجێ بکەن لەبەر ململانێی سیاسی ناوخۆ. چەندین جار هەوڵدراوە کە بە پرۆژە یاسای پەرلەمان بریار لە دەرکردنی هێزەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیانی بدرێت لە ناو خاکی عێراقدا، ئامانجیش بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، بەڵام هیچ کات ئەم یاسایانە جێبەجێ نەبووینە. [12]

رۆڵی ئێران لە عێراقدا تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ئێران، چونکە ئێران لە رێگەی عێراقەوە دەتوانێت خۆی بە دووربگرێت لە گەمارۆ ئابووری و سەربازیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم گەمارۆیانە لەسەردەمی ئیدارەی (دۆناڵد ترەمپ) زیاتر بوون، هەروەها چوونی ملیۆنان خەڵکی ئێرانی بۆ سەر مەزارگەکانی ئیمامانی شیعی لە عێراق، وایکردووە کە عێراق گرنگبێت بۆ خەڵکی ئێرانیش. لە رووی سەربازیەوە، ئێمە دەزانین کە ئێستا (حشد الشعبی) بەهێزترین هێزی چەکداری عێراقە، هەروەها بووەتە بەشێکیش لە هێزە چەکدارە فەرمیەکانی عێراق، بە تێپەربوونی کات هێزەکانی حەشدی شەعبی بەهێز بوون و گرنگیەکی زیاتریان پێدرا، ئەمەش بووە هۆی لاوازی سووپای عێراق. ئێران وەک وڵاتێکی شیعی ئەو هەلەی قۆستەوە کە ئامانجەکانی لە رێگەی ئەم هێزەوە بەدەستبهێنێت و بکاتە کارتی فشار بەرامبەر بە نەیارەکانی، ئێستاش ئەندامی (حشد الشعبی) پارتی سیاسی خۆیان هەیە و لە حکومەتدا بەشدارن، بێگومان ئەوەش رووندەکاتەوە کە گرنگی (حشد الشعبی) زۆرە بۆ ئێران. بوونی زۆرینەی شیعی لە پەرلەمانی عێراقدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێران بتوانێت ململانێ بکات لەگەڵ ئەمریکا و خودی خەڵکی عێراق، کە دەبێت سەرۆک وەزیران رێگر نەبێت لە سیاسەتەکانی ئێران لە ناو خاکی عێراقدا. بە جۆرێک کە هێزە چەکدارە شیعیەکان بوونەتە هێزی نەرمی ئێران کە دەتوانێت لە رێگەیانەوە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت لە عێراقدا.

بێگومان کوشتنی (قاسم سولەیمانی) و (ئەبو موهەندیس) کاریگەری زۆر دەخەنە سەر ئایندەی رۆڵی ئێران لە عێراقدا، بەوەی کە ئیتر هاوئاهەنگی لە نێوان هێزەکانی شیعی عێراقدا کەمتر دەبێت، چونکە (قاسم سولەیمانی) کەسێک بوو کە هەموو هێزەکانی شیعی لەدەوری کۆدەبوونەوە، هەروەها

[12] Stone, J. (2019). Regime Change in Iran, Oil Disputes in Iran and Iraq. In Stone J., Sebel E., & Stone M. (Eds.), Letters to Australia, Volume 3: Essays from 1950–1951 (pp. 205-208). Sydney University Press. doi:10.2307/j.ctv102bjbs.80

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

برواپێکراوترین کەسی نزیکی (خامەنەیی) رێبەری ئێران بوو نەک تەنها لە عێراقدا، بەڵکو لەهەموو ناوچەکەدا.[13]

سیاسەتەکانی ئێران لە عێراقدا لە تارانەوە ئاراستە دەکران، بەو مانایەی کە (قاسم سولەیمانی) سیاسەتەکانی بە تەنها دانەدەرێشت بەڵام ئەوە خودی (قاسم سولەیمانی) بوو کە پیلان و سیاسەتەکانی ئێرانی جێبەجێدەکرد بە شێوەیێکی کاریگەر. وەک لە ساڵانی دوای رووخانی (سەدام حسێن) دەرکەوت کە خەڵک و پارتە سیاسیەکانی شیعی، عێراق بە موڵکی خۆیان دەزانن و نەک هی خەڵک، بەڵام لە حکومرانی عێراقدا شکەستیان خواردووە، چونکە حکومەتی عێراق نەیتوانیوە ببێتە حکومەتی هەموو خەڵکی عێراقی. بێگومان ئەو رۆڵە کاریگەریەی ئێرانیش لە عێراندا وەک خۆی نامێنێت، ئەگەر ئەو رۆلە بەردەوام وابێت ئیتر عێراق بوونی نامێنێت.[14]
ئێستا عێراق بەهۆی سیاسەت هەڵەکانی و چوونە ژێرباری ئێراندا، بووە هۆی ئەوەی هەر یەک لە سوونی و کورد هەستبکەن کە ئایندەیان لە عێراقدا نیە، کە ئەمەش بێگومان عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات کە یەکێک لە چارەنووسەکان بریتیە لە دابەشبوونی عێراق، نەک تەنیا هەرێمی کوردستان، بەڵکو پارێزگاکانی تریش هەوڵی جوداخوازی دەدەن. لاوازی حکومەتی ناوەندی عێراق و لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی عێراق وایکردووە کە هەر وڵاتێک بتوانێت دەستوەربداتە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە کە ئەمەش رەگ و ریشەی مێژووی هەیە. لە عێراقدا، کۆمەڵگای مەدەنی لە نزمترین ئاستیدایە و بۆیە حکومەتێکی مەزهەبی توندرەو هەمیشە دروست دەبێت، ئەگەر حکومەتیش میانرەو بێت وەک ئەوەی ئێستا کە (مستەفا کازمی) لەسەر دەسەڵاتە، بەڵام هێزە چەکدارەکان چالاکیە توندرەوەکانیان کەم ناکانەوە.

---

[13] Anthony H. Cordesman, Iraq is a priza: A warning about Iraq's future stability, Iran, and the role of the united states, Center for strategic & International studies March 20,2020 https://www.csis.org/analysis/iraq-prize-warning-about-iraqs-future-stability-iran-and-role-united-states
[14] Robert Czulda, Protests challenges Iran's future position in Iraq, Atlantic council, Dec 2,2019 https://www.atlanticcouncil.org/blogs/iransource/protests-challenge-irans-future-position-in-iraq/

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناکرێت وا چاوەروان بکەین کە دەرچوونی ئێران یان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاسانی روودەدات، هەربۆیەشە کە ئایندەی عیراق بەشێکی دەبێت بە ململانێی سیاسی و سەربازی وەک لەوەی ئێستا هەیە و لەوانەیە توندتریش ببێت.[15]

**باسی پێنجەم: ئاستەنگەکانی بەردەم هەژموونی ئێران لە عێراقدا**

دەتوانین ئەوە بڵێین کە سەرەرای هەبوونی دەسەڵاتی زۆری لە عێراقدا، بێگومان ئێران رووبەرووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە و هەروەها تووشی ئاستەنگی تریش دەبێتەوە لە گەیشتن بە ئامنجەکانی لە عێراقدا، لەوانە:

١/ پەرتبوونی هێز و پارتە سیاسیەکانی شیعی (پەرتەوازەبوونی نێو ماڵی شیعی) لە عێراق. لە ئێستاوە ململانێی توند هەیە لە نێوان کەسایەتە مەزهەبیەکان بەوەی کە کام کەسایەتی شیعی دەبێتە مەرجەعی دینی لە عێراقدا لە دوای (عەلی سیستانی). کێبرکێ لەسەر ئەم پۆستە بێگومان دەبێتە هۆی مشتومر لە نێوان لایەنە شیعەیەکان. بەهێزترین کاندید بۆ ئێستا (موقتەدا سەدر)ە کە بە کەسێکی خۆشەویست دادەنرێت لە نێو خەڵکی عێراقدا، بەوەی کە لە سەردەمی (سەدام حسێن)دا لە ناو عێراقدا ماوەتەوە و ژیانی بەسەربردووە لەگەڵ شیعەکانی عێراق ،و وڵاتی بەجێ نەهێشتووە.

٢/ مەترسی سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆرستەکانی بەتایبەتی داعش کە هەمیشە وەک هەرەشەیەک دەبێت لەسەر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند و هێزەکانی حەشدی شەعبی.

[15] Ranj Alaaldin, How the Iran-Iraq war will shape the region for decades to come, Brookings, Oct 9, 2020 https://www.brookings.edu/blog/order-from-chaos/2020/10/09/how-the-iran-iraq-war-will-shape-the-region-for-decades-to-come/

١٣ جگە لە ئێران، هەریەک لە تورکیا و سعودیە و وڵاتانی تری ناوچەکەش چاویان لەسەر عێراقە و بەرژەوەندی خۆیان هەیە لەگەڵ عێراق، هیچکام لە هێزەکانی ناوچەکە، وڵاتێکی دژی خۆی وەک زلهێز ناناسێنێت. کە ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ بۆ هەژموونی ئێران لە ناوچەکە و عێراقدا.

١٤ هەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکی لە ناو خاکی عێراقدا بێگومان دەبێتە هۆی ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم پیلانەکانی ئێران. یەکێک لەو بەربەستانە کوشتنی (قاسم سولەیمان) و (مهدی موهەندیس) بوو لەلایەن هێزەکانی ئەمریکیەوە. ئەمریکا ململانێیەکی سەرسەختی ئێران دەکات لە عێراقدا. ئەمریکا سەرکەوتووش بووە لە ململانێکانی دژی ئێران بەوەی کە تا ئێستاش سەرەرای دەرکردنی بریاری چوونەدەرەوەی هێزە بیانیەکان لە عێراقدا، هێشتا هێزەکانی ئەمریکی لەناو خاکی عێراقدا ماونەتەوە.

١٥ لاوازی ئابووری ئێران تواناکانی ئێرانی لاوازکردووە بۆ بەرزکردنەوەی هەژموونی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا.

١٦ هەروەها فشاری وڵاتە عەرەبیەکان لەسەر عێراقە بەوەی کە مامەڵەی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ ئێران کەمبکاتەوە و لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی زیادبکات، ئەمەش عێراقی راکێشا بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە بەتایبەتی ئوردن و میسر.[16]

## دەرئەنجام

وەک ئاشکرایە عێراق وڵاتێکی بەهێز نییە لە دروستکردنی بریاری گرنگی ستراتیژی سیاسی و سەربازی و ئابووری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژوویەی کە لەدوای رووخانی (سەدام حسێن) دروستبووە لەسەر دەستی سەرکردە شیعەکان، بەوەی کە سوود و بەرژەوەندی خۆیان لە پێش هی وڵاتەکەیان دادەنێن، زاڵبوونی هەستی مەزهەبی (شیعی) بەسەر هەستی نەتەوایەتی وایکردووە کە زۆرینەی شیعە وا بیر بکەنەوە کە حوکمرانی عێراق لەلایەن خوداوە پێیان دراوە، ئەمەش ولاتی بەرەو هەڵدێران و وقەیران و نائارامی بردووە. دوورخستنەوەی نەتەوەکانی تری عێراقیی لە پرۆسەی بریارداندا و گرنگی نەدان بە ناوچەکانیان، هەروەها نەمانی بنەمای پشکی نەتەوایەتی (شەراکەت) لە بریارداندا،

[16] Nazir Hussain. (2015). US-Iran Relations: Issues, Challenges and Prospects. Policy Perspectives, 12(2), 29-47. doi:10.13169/polipers.12.2.0029

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسیەکانی نا شیعیان بێ ئومێد کرد، ئەمەش بووە یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەو هەلەی بۆ چەکدارانی (داعش) رەخساند کە لە ساڵێ ٢٠١٤ دا موسڵ داگیر بکەن و هەزاران خەڵکی ناوچەکە کە سوونی بوون بەشێکی زۆریان ئاوارەی هەرێمی کوردستان و شارەکانی تری عێراق بوون، بەشێکی تریش پەیوەندیان بە (داعش)ەوە کرد. چونکە پێیان وابوو کە لەژێر دەسەڵاتی (داعش)دا ئاسوودەترن لەوەی لە ژێر دەسەلاتی حکومەتێکی شیعیدا بن. ململانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران وایکردووە کە عێراق بەرەپشچوون بەخۆیەوە نەبینێت لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەم ململانێیە بۆتە هۆی ئەوەی وڵاتی عێراق ببێتە یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان.

## راسپاردە

بۆ دەربازبوون لەم قۆناغە چەقبەستووەی کە عێراق تووشی بووە، گرنگە هەندێک هەنگاو بهاوێژرێت بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بگەرێتەوە سەر رێچکەی راستەقینەی خۆی، لەوانە:

١\ بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی: بریارەکانی حکومەتی ناوەندی پێویستە بەشیوەیێک بن کە لە سەرتاسەری وڵاتدا جێبەجێکرێن، یەکێک لەو بریارانە بریتیە لە نەهێشتنی مافی هەڵگرتنی چەک لەلایەن خێڵەکان کە لە توانایان هەیە رووبەرووی هێزەکانی سەر بە حکومەت ببنەوە. هەروەها سنووردانان بە هێزە چەکدارەکان کە هەندێکجار هەرەشە لە حکومەتیش دەکات لەسەر کردەوەکانیان.

١٢ گرنگی گەرانەوی متمانە بۆ هاوڵاتیان: هاوڵاتیانی کورد و سوننە ناتوانن بروا بە حکومەتی ناوەند بکەن، چونکە هەستی ئایینی و مەزهەبی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی سەرکردە هەڵبژێردراوەکانی حکومەتی عێراق. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، هێزە شیعەکان،هەمیشە کوردەکان وەک بانگەشەی هەڵبژرادن سەیر دەکەن. هەر کاتێک نزیک بن لە هەڵبژاردنەکان، ئەوا کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروستدەکەن، دەکرێت ئەم کێشانە لەسەر نەوت بن، یان دەسەڵاتی زۆری هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتانە بە پێی دەستوور بە هەرێمی کوردستان دراوە. پێوسیتە عێراق مۆڵکی هەموو کەسێک و نەتەوەیێک بێت نەک تەنها مولکو شیعە.

سەبارەت بە سونیەکان، تا ئێستا ناوچە سوننەنشینەکان کە لە ئەنجامی شەری داعش وێران بوونە، ئاوەدان نەکراونەتەوە. خەڵکی سونی لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکانیان، ماڵ و موڵکیان بەجێهێشتووە و تا ئێستاش دەیان هەزار هاوڵاتی نەگەراونەتەوە سەر موڵک و ماڵەکانیان. ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: هۆکاری یەکەم، تا ئێستاش ترسی گەرانەوەی داعش هەیە لەو ناوچانە، بۆیە خەڵکەکە نایانەوێت ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان بخەنە مەترسیەوە بە گەرانەوەیان.

هۆکاری دووەم بریتیە لە نەبوونی متمانە بەو هێزانەی کە ناوچە سوننیەکان دەپارێزن، بە مانایەکی تر، خەڵک بروای بە هێزەکانی حکومەت نییە بۆ پاراستنیان، بە تایبەتی کە دەزانن هێزەکانی (حەشد الشعبی) دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە لەو ناوچانە.

١٣ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز: هەبوونی وڵاتێکی بەهێز پەیوەستە بە هەبوونی حکومەتێکی بەهێز و کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز، ئەگەر حکومەتی بەهێز هەبوو، بەڵام کۆموڵگای مەدەنی بێهێز، ئەوا وڵاتێکی دیکتاتۆر دروست دەبێت وەک لەسەردەمی (سەدام حسێن)دا، ئەگەر کۆمەڵگای بەهێزیش هەبوو، بەڵام ناوەندێکی بێهێز، دیسان حکومەتێکی بێهێز دروست دەبێت کە خەڵک گوێڕایەڵی ناکەن، لە ئەنجامی هەردوو شێوازدا، ئازادی تەسک دەکرێتەوە وەک ئەوەی ئێستا لە عیراقدا نە حکومەتێکی ناوەندی بەهێزی هەیە نە کۆموڵگای مەدەنی بەهێز، ئازادیش زۆر تەسککراوەتەوە لەبەردەم هاوڵاتیانی. عێراق پێویستە حکومەتێکی ناوەندی بەهێز و کۆمەڵگای مەدەنی بەهێزی هەبێتن.

١٤ بێلایەن بوونی دادگای باڵای فیدراڵی: دادگای باڵای فیدراڵی وەک دەزگایەکی ناوبژوان لەسەر یەکلاکردنەوە ئەو پرسانەی کە جێی ناکۆکین لە نێوان دەسەڵاتەکانی وڵات یاخود، یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند. لە چەندین بۆنەدا ئەم دادگایە نەیتوانیوە بێلایەنی خۆی بپارێزێت بۆ نموونە کاتێک بریاری دەرکردن لە دژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان درا، لە کاتێکدا لە دیباجەی دەستووری عێراقدا هاتووە کە 'یەکیێتی عێراق پەیوەستە بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە'. دادگای باڵای فیدراڵی تا ئێستا بە یاسا فشاری نەخستۆتە سەر حکومەتی ناوەند کە بابەتی ناوچە کێشە لەسەرەکان یەکلابکاتەوە. بەرقەراربوونی تیۆری (Checks and Balances) لە عێراقدا پێیوەستە بە بێلایەنی بوونی دادگای باڵای فیدراڵی، چونکە دواجار ئەوە دادگای باڵای فیدراڵیە کە کێشە گەورەکان یەکلادەکاتەوە، جا ئەگەر ئەم یەکلایکردنەوەیە لەسەر بنەمای راستی و بابەتیانە نەبێت، بێگومان متمانەی خۆی لە دەستدەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The islamic republic of Iran's hegemony in Iraq, the cause, effect, and consequences

**Asst. Lect. Wzhar Fahri Saadi**
Department of Diplomacy and International Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French Univeristy, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Wzhar.sahde@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Hegemony, international coalition against terrorist, Iraq government, regional tension, demonstration, security*

## Abstract

Iran's influence on the Iraqi government is very significant since the fall of the baath regime in 2003, with Iran trying to impose its aims and bring a voluntary government to power throughout the new Iraqi government. In contrast, the United States and its Arab allies oppose Iran's interference in Iraq's internal affairs. Their concerns are that Iran's influence has extended to support armed groups in Iraq, US officials say, Shia militants in Iraq receive weapons and the necessities from Iran to attack US forces in Iraq. This Iranian policy against the United States is welcomed by the enemies of the United States, such Russia and China. On the other hand, the rise of the ISIS terrorist group gave Iran a golden opportunity to impose it’s hegemony through the creation of the Popular Mobilization Forces (Hashd al Shaabi). Iran paid the price for its interference in Iraq. they lost their commander (Qassem Soleimani) who has been killed by the US forces in Baghdad.

------------------------------------------------------------

# هيمنة الجمهورية الاسلامية الايرانية على العراق، اسبابه و تأثيراته و نتائجه

## ملخص:

بعد سقوط النظام البعثي عام ٢٠٠٣، الدولة الايرانية لها تأثير جلي على الحكومات العراقية المتعاقبة، حاولت ان تحقق غايته في تشكيل الحكومات العراقية بطريقة التي تريدها و تتكيف مع مصالحها في المنطقة .و جدير بالذكر أن الولايات المتحدة الامريكية و حلفائها العرب لا يحبذون التدخل الايراني في الشؤون العراقية، و يعربون عن قلقهم تجاه دعم الايراني لمجموعات المسلحة ، حيث ذكر المسؤلون الامريكيون بأن الجهات الشيعية المسلحة تقوم بشن هجمات على القوات الامريكية بسلاح و مستلزمات التي توفر لهم الدولة الايرانية .و أن السياسات الايرانية تجاه امريكا تعج في مصلحة منافسيها روسيا و الصين .و قد ذكر فيه الباحث بأن ظهور مجموعات الارهابية المتطرفة و من بينهم )الداعش) صنعت فرصة ذهبية لدولة الايرانية لبسط سيطرتها على العراق و ذلك من خلال انشاء القوات الحشد الشعبي. و جدير بالذكر أن هيمنة دولة الايران على العراق لم تمر دون ضريبة معينة، حيث فقدت ( قاسم السليماني) نتيجة لتدخلاتها في دول المنطقة عامة و العراق خاصة.

## لیستی سەرچاوەکان:

1. Lewis, J. (2017). Hegemony. In Ouellette L. & Gray J. (Eds.), Keywords for Media Studies (pp. 88-90). New York: NYU Press. doi:10.2307/j.ctt1gk08zz.30
2. Harrington, S. (2015). Hegemony. In the Disney Fetish (pp. 145-156). Indiana University Press. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/j.ctt16gzkd9.16
3. Litvak, M., Landau, E., & Kam, E. (Eds.). (2018). Iran in a Changing Strategic Environment (pp. 41-52, Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep17021.7
4. Mumtaz, K. (2005). SHIA FACTOR IN IRAN-IRAQ RELATIONS AFTER SADDAM. Strategic Studies, 25(1), 14-32. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/45242564
5. Kabalan, M. (2020). Iran-Iraq-Syria: Shocks and Rivalries in a Triadic Pattern. In MANSOUR I. & THOMPSON W. (Eds.), Shocks and Rivalries in the Middle East and North Africa (pp. 107-126). Washington, DC: Georgetown University Press. doi:10.2307/j.ctv1169bh2.10
6. Juneau, T. (2015). Iran’s Policy in Iraq. In Squandered Opportunity: Neoclassical Realism and Iran's Foreign Policy (pp. 104-138). Stanford, California: Stanford University Press. doi:10.2307/j.ctvqsf1bv.10

7. Shavit, E., & Zimmt, R. (2018). (Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep19442
8. Jiyad, S. (2020). (Rep.). European Council on Foreign Relations. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep25382
9. ESFANDIARY, D., & TABATABAI, A. (2015). Iran's ISIS policy. International Affairs (Royal Institute of International Affairs 1944-), 91(1), 1-15. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/24538962
10. Fadlon, T., & Hadad, S. (2018). (Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep19432
11. Shavit, E., Elbaz, Y., & Shine, S. (2020). (Rep.). Institute for National Security Studies. Retrieved May 10, 2021, from http://www.jstor.org/stable/resrep27823
12. Stone, J. (2019). Regime Change in Iran, Oil Disputes in Iran and Iraq. In Stone J., Sebel E., & Stone M. (Eds.), Letters to Australia, Volume 3: Essays from 1950–1951 (pp. 205-208). Sydney University Press. doi:10.2307/j.ctv102bjbs.80
13. Anthony H. Cordesman, Iraq is a priza: A warning about Iraq’s future stability, Iran, and the role of the  united states, Center for strategic & International studies March 20,2020 https://www.csis.org/analysis/iraq-prize-warning-about-iraqs-future-stability-iran-and-role-united-states
14. Robert Czulda, Protests challenges Iran’s future position in Iraq, Atlantic council, Dec 2,2019 https://www.atlanticcouncil.org/blogs/iransource/protests-challenge-irans-future-position-in-iraq/
15. Ranj Alaaldin, How the Iran-Iraq war will shape the region for decades to come, Brookings, Oct 9, 2020 https://www.brookings.edu/blog/order-from-chaos/2020/10/09/how-the-iran-iraq-war-will-shape-the-region-for-decades-to-come/
16. Nazir Hussain. (2015). US-Iran Relations: Issues, Challenges and Prospects. Policy Perspectives, 12(2), 29-47. doi:10.13169/polipers.12.2.0029